مەسرور بارزانی و فالح فەیاز جەخت لە گرنگیی پەرەپێدانی هەماهەنگی ئەمنیی لە نێوان هەرێم و حکومەتی عێراق دەکەنەوە



سەرکۆنزیرانی هەرێمی کوردستان و سەرکی دەستەی حەشدی شەعبی جەختیان لە گرنگیی پەرەپێدانی هەماهەنگی ئەمنیی لە نێوان هەرێم و حکومەتی عێراق کردەوە.

رۆژی سەشەممە، 14-01-2025، مەسرور بارزانی، سەرکۆنزیرانی هەرێمی کوردستان لە هەولێر پێشوازی لە فالح فەیاز، سەرکی دەستەی حەشدی شەعبی کرد.

بەگوێرەی راگەیەندراوی حکومەتی هەرێمی کوردستان، لە کۆبوونەوەکەدا گفتوگۆ لەبارەی دواین پێشهات، گۆڕانکاری و دۆخی گشتیی عێراق و ناوچەکە کراوە.

مەسرور بارزانی و فالح فەیاز، وەکو لە راگەیەندراوەکەدا هاتووە، جەختیان لە "گرنگیی پەرەپێدانی هەماهەنگی ئەمنیی لە نێوان هەرێمی کوردستان و حکومەتی عێراق لە پێناو پاراستنی ئاسایش و سەقامگیری" کردووەتەوە.